




# لەناو جەرگەی ئازادی، شارستانییەت و دیالۆگ ی بۆرژوایی!

لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا، *تەنها* لە شارێکی مەکسیکی لە سەر سنووری ئەمریکا بەناوی(Juárez Ciudad)، زیاتر لە 300کرێکاری ژن، بەشێوەییەکی وەحشی دەستدرێژیان لێ کراوە و پاشاندا کوژراون. هیچ یەك لە بەڕێوەبەرایەتییەکان، ڕێکخراوە ناحکومەتییەکان یان کەمپینە جیهانییەکان نەیانتوانیوە تا ئێستا هۆی ئەو تاوانانە ڕوون بکەنەوە یان ڕێگەی لێ بگرن.

بەم بۆنەیەوە، لەناوەڕاستی ساڵی ڕابردوودا، ڕێکخراوی(دیری دیس فێمس)، خوشکی یەکێك لەو قوربانیانە بناوی(Judith

## *Fußballtrainer, Jugendbetreuer, Klavierlehrer*
***– häufig kommen Kinderschänder aus dem nahen Umfeld***

Die Kinder hatten ihnen doch vertraut.

Ein BILD am SONNTAG-Report von MATTHIAS ADELMUND und MIKAELA WOLF

Frank U. (38), Pädagoge, wirkt fast gemütlich. Wie ein Mensch, dem man vertrauen kann, der sich um andere kümmert, für sie da ist.Die Geschwister Jan (heute 20), Daniel (18), Nicole (15) und Katja (14, alle Namen geändert) vertrauten diesem Mann. Jedes Jahr werden laut der Kriminalstatistik 20 000 Kinder Opfer sexueller Gewalt. Doch der Verein „Dunkelziffer e. V.“ schätzt die tatsächliche Zahl auf das **15fache**, denn viele Fälle werden nie angezeigt. Aus Angst, aus Scham. 6.1.2005




Galarza)بۆ ئەلمانیا، نەمسا و بەلژیکا، میوانداری کردووە تا زانیارییەکی زیاتر لەبارەی ئەو تاوانانە، بڵاوبکەنەوە و دەستبەکار بن بۆ ڕێکخستنی ئەکتسیونی جۆراوجۆر(سەرچاوە:سایتی دی فیمس)

هەواڵەکەی سەرەوە(بیلد، 6. 1)لە بارەی زەوتکردنی دەیان منداڵ بەدەستی ئەو کەسانەوە(5وێنەکانی سەرەوە) و ئەژمارەکان وای ڕایدەگەیەنن کە ساڵانە نزیکەی20 000منداڵ تووشی دەستدرێژی سێکسی دەبن.ڕێکخراوی(دونکل تسیفەر)ژمارەکەیان بە300 000دەخەبتێنێ!!. دوێنێ، ڕۆژی5.2 ڕۆژنامەی(بیلد)ئەو وێنەی و هەواڵە بڵاوکردەوە: ئەو خێزانە، منداڵەکانی> خۆیان بە کارەبا ئەشکەنجەداوە و هیچ نەماوە گیانیان لەدەست بدەن....!

ئەگەر تەماشای ڕاپۆرتی مافی مرۆڤ لە بورما*، بکەین، دەبینین(بۆ نموونە) لەلانی کەمەوە، پتر لە 40 000 هەزار ژن فرۆشراوە، هەندێکیان بە کەمتر لە35دۆلار و سەرئەنجامەکەشی: تووش بوون بە نەخۆشی ئایدز گەیشتووەتە90%)؛ دایکان بە زەبر ناچاریان دەکەن، کاری سۆزانی بکەن! ئەمە بێجگە لە بەزەبر کارپێکردن–ئەم بەڵگەیە لە خوارەوە، بە زمانی ئەلمانی بڵاوکراوەتەوە–

ژنان لە وەڵاتانی ئۆروپا، لە سایەی دیموکراسی پەرلەمانیدا، ئازادییەکی زیاتریان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەو ئازادییە حاشاهەڵنەگرە، تاوانی زەوتکردن، کوشتن، ڕفاندن، پۆرنۆ و گشت جۆرەکانی چەوسانەوە، کەمتر نەبووە(بۆ نموونە، بڕوانە داخوازییەکانی ژنانی ئەلمانیا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان). ئایا وەڵاتانی ئۆروپا، بە ئابوورییە زلهێزە، توانیویانە لە

ماوەی200 ساڵ، کێشەی بێکاری، چەکسازی، جەنگ، هەژاری و ژینگە، ناکۆکییەکانی نێو خۆیان...هتد، تا ڕادەیەکیش بێ، چارەسەرکردووە؟ ئەوانەی چاوپۆشی لەم ڕاستیانە دەکەن، خۆڵ دەکەنە چاوی ژنانی کوردستان. گرنگە هەموو شێوەکانی دەسەڵات و ئەقل و زمان و ڕفتاری باوکسالای ڕسوا و مەحکوم بکرێ و ڕێبازو ئەکتسیونی شیاو ئەنجام بدرێ! لە دواییشدا دەبێ بگوترێ، ئەوەی لێرەدا بڵاوکراووەتەوە، ناکاتە 1%ی تاوان و دەستدرێژی و شێوەکانی تری چەوسانەوەی ژنان!

سەلام عەبدوڵلا

### *Menschenrechtsverletzungen

Menschenverachtende Diktatur ungeahnten Ausmasses, Arroganz der Macht, **Gulags.**

- Frauenmissbrauch durch Zwangarbeit als Lastenträgerinnen im Armeedienst, staatlich geförderte Zuhälterei im eigenen Land (Junta-Verwandte als Nachtclubbesitzer) und **Menschenhandel** (Verkauf von über 40.000 Frauen, teils für weniger als 35 U$, Folge: AIDS-Infektionsrate bei 90%)....